# پرۆسەیەک لەڕبردودا و خوێندنەوەیەک لەئێستادا

**نامق حەمە**

لەوانەیە ئاسان بێت لەپرۆسەیەکدا بینینمان جیاواز بێت وخوێندنەوەمان لە هەرجۆرە کارێکی هونەریدا کە بەئاراستەیەکی لۆژیکیو دور لەهەموو بەهاجیاوازەکانی خووێنەوەو پرۆسەی بینین و شیکارکردنی یان تاوتویٚ کردنی دەقێکدا یان تابلۆیەکدا جیاواز بکەوێتەوە. بەلام ناکاتە ئەوەی بەقەدەرئەوەندەی کارێکی هونەریە ئەوەندە لەپەراوێزدا یان لە گۆشەکانی بیرچونەوەو دواتر وەلایانێن، مێژویەک یان ئەسەوارێک کەبۆنی سەردەم و بونیادو وسەرهەڵدانی جمووجولەهونەریەکان وگەشەکردنی هونەر و دەولەمەند کردنی باگراوەندێکی ڕۆشنبیری و هونەری و پردێکی نێوان نەوەکان و دواتر گەلان پێوەدیاربێت بە هەموو ڕەهەندە جیاوازەکانیەوە.ناکرێت بە بەهەند وەرنەگیرێت و وەک سەرچاوەیەکی شێوەکاری ومێژوی سەردەمەکەی خۆی وەری نەگرین. لەئێستادا زۆرگرنگە چۆن لەڕەوشەهونەریەکان و جموجولەڕۆشبیریەکان دەڕوانین لە وەی لەرابردوودا هەبووەو بەردەوام خەرمانی ئەو تێزە لەدەولەمندبوون و فراوانبوونێکی یەکجاریدایە. هونەرمەند ئەوەندەی پەی بەدەوروپشتەکەی دەباتو کارێگەر ساتەکان و فشارە دەرونییەکان و سەرهەلدانی بیر ودلەراوکێو جێگیر نەبوون نەبینینی هەموو ڕەهەندە مەعریفیەکان، نەبوونی سەرچاوەگرنگەکان و ئەو باگراوەندە ڕۆشنبیریە و کەلتوری خۆی لەخۆیدا ئاراستەیەکی تر دەبینینیتەوە بۆ جۆری خۆدۆزینەوە لەگەل خواستەکانو هێنانەکایەی کۆمەلێک تێزو چەمکیتر لە جۆری فەرهەنگ و کارکردنو یان ستایلێک کەتایبەتمەندی و شوناسی هونەرمەندبێت. ئەمە سەرەتایەکی زەرورە بۆ ئەو پرۆسەیەی کەدەمانەوێت لەسەری پێکبێن و وەک لەودیوی دنیابینینێکی تردا دەمانەوێت ئاماژەی لەورێگانەی دواجار دەمانەویٚ یان دەبێت وەک یەک بین. سروشت سەرەتای ناساندنو خۆدۆزینەوەیەکی فراوانە لەپانتای دنیابینینی هونەرمەند بۆبوونەوەرەکانی دەوروپشتی وئەرکەکانی وبەرکەوتەکان لەگەل هەستیدا بۆیە ئەوەدەبینرێت لە کۆی کارەکانیدا لەجۆری ماتریالو ئەو پێکهاتانەی تابلۆیەکیان پێک هێناوە ، ئیشکردن لە نێوچینو توێژەکاندا لەکاتو ساتی خویدا ئاماژەیەکە بۆ ئارستەی ئیشکردنو چونە نێو ژیانی کۆمەلایەتی بەشێک کەدور لە ژیانی شارستانیو هەمووئەو گۆرانکاریانەی بەردەوام لەفۆرمێکیترو تێزێکیتردا دەبینرێتەوە هەسکردن بەولاینەی ژیانی زەحمەتکێشانی چینوتوێژەکان بەنەوعێک لەنەوعەکان تێکەلبونی بەشەنادیارەکانی هەستە ئەوپردەی دروست کردوە ,یەک لایەنە کردویە بەشێک لەخۆی و چێژوەرگرتنێکی نەوعیو ئیستاتیکا لە ڕەهەندێکی زانستە کۆمەلاياتیەکانەوە لێیان دەروانێت وبینینی ئەو بۆزەحمەتی ئەوان دەبێتە ڕەهەندێکی مەعریفی و سەرەتایەک بۆئیشکردن و کۆکردنەوەی کەنزێک لە باکگراوەندێی کەلتوریو کۆمەلایەتی جوانکاری نەخشێنراوەکان لە نێومالی گوندنشینەکاندا لە ویادا گفتوگۆیەکی بێدەنگ و پرۆسەیەکی نادیارلەڕۆحی هونەرمەندا سەرچاوەدەگرێتو لە شێوەو فۆرمێکی جیاوازدا لە هزری ئەو بەرجەستەبوون . ئەمەلەلایەک بەشێکی تری کارەکان پۆترێت بوون ئەمەیش جارێکی تر ئەوپەیوەندیە ڕۆحیەیە کەهونەرمەندو کەسەنزیکەکانو خۆشەویسانی وێنەکردونو وەک بەشێک لەزاکیرەو هزری ئەودا بمێنیتەوە بەلام دواجار هەردولایان دەبنە یادگاریو چەند کارێکی دەسکرد دەمێنێتەوە. ئەو ئەزمونەی لەئیشکردنو هەولدانی بۆ شێوەو فۆرمێکی تر بەردەوام بەبیٚ دابران بونی خۆی دووپات کردوەتەوە بەبێ ئەوەی دەرچوی هیچ پەیمانگاو کۆلیژێک بێت بەلام بەردەوامیو جیاوازو ڕێگای تروالآبکەین بۆ خۆبینینەوە ناساندنمان بەدەوروپشتەکەمان خۆقوتارکردن خۆشەویستی بۆ هونەروئەزمونەکانی شۆناسێکە بۆ فەرهەنگ و ڕەوتی شێوەکاریو دەولمەند بوونی ئەمبەشەی ژیانو چێژوەرگتنی لای وەرگرەکەی .بەمانایەکی ترو لەدنیا بینینێکی تری پرۆسەیەکی فراواندا دەتوانین سەلیقەو بەهێزی لەجۆری کارکردنی هونەرمەند بەدی بکەین ,دەبینین لەکارەکانیدا بەهێزی خۆی دەردەخاتو بەبێ ئەوەی خۆی ببەسێتەوە بەهیچ جۆرە کاریگەریەکو ڕەنگدانەوەی هونەرمەندێکی تر ئەمەیش خۆی لەخۆیدا تواناو ئازادی لەکارکردنو تایبەتمەندیەکان کەسایەتیەکی ترو خۆناساندنێک دەبێتە مرۆڤێکی جیاوازو بەشوێن خۆقوتار کردندا دەگەرێت کەپربێت لە خودیەتو جەوهەریەتی لەلانادیارو دیوەو شاراوەکانی کەسایەتی و ڕەنگدانەوەی سروشتی خۆی لیٚ بکەوێتەوە ئەمەیش لەسروشتی بەرجەستەبونی کارەکانی دەبینرێتەوە.ئەوەی هونەرمەند لە هاورێکانی جیادەکاتەوە تەنها تایبەتمەندی و نەبوونی کاریگەریە لەسەر ساتی ئیشکردنەکانی کەخەتی تایبەتی و ناسینەوەیە. کرانەوەی هونەرمەند لەگەل ساتەکانی چینە یەک لەدوا ی یەکەکان بەشێوەیەک هەست بەئارمی دەکەیت وەک ئەوەی ساتێکی تر تێکەل بەیەکتردەبن و دەبنە بەشێک لەرنگدانەوەی یەکتری لەکارەکانیدا سروشت جیاواز کەوتۆتەوە، چونکە تۆنی بەهێزی و دانانی ڕەنگەکان بەوشێوەیەکن کەتەنها لەهونەرو تەکنیکو دابەشبوونو ئەزمونی ئەودا هەستی جوانت لادروست دەبێت .ئەمەیش بۆپێگەو قورسای هونەری هونەرمەند جیگای بەبەهەند وەرگرتنە. پەیوەندیەکی بەهێز بەدی دەکەیت لەنیوان خودی هونەرمەندو سروشتدا لەسەر کۆی تابلۆکاندا رەگوریشەی بەردەوامی لەسەر جۆروساتەکانی ئیشکردنیدا هەبووە، ڕەنگو هێلەکان بەردەوام لەبەرابەرکیٚ و خۆیەکلای کردنەوەیەکی یەقینانەوەو بویرانەو داسەپاو نەخوازراودا قەتیس بوون. ئەوەندەی هێلەڕەنگیەکان بەپچر پچر و هێلی کورت کورت ڕەنگەکانیان بریوە پانتای تابلۆکانیان داگیرکردوە لەتایبەتمەندیو جۆری ڕنگیەکان وەک ئەوەی نەتوانن پێناسی خۆیان بن ڕەنگ و ڕەنگدانەوەی خۆیان بن هێلەکانیش بەهەمان شێوە هێلەکان نەیانتوانیەوە تەواوکەری یەکترو بەشێوەیەک دەربکەون کەهەست بەیەک ئارستەیو ئامەژەکراویەک بکەین .ئەم کێشمەکێشمە بەردەوام لای خودی هونەرمەند بووتە جۆری کارکردنو شوێنی مەئواو مەنزلی, تاهەست بەوجیاوازیە وبریندارییە بکەین کەوەک ئەوەی بیەوێت بینینو پرۆسەی بەردەوامی ژیان لەوێدا بە دیبکاتەوە,بینینی ئەو بۆسروشت بەو شێوە بوو کەخۆی دەیبین. هێلە ڕەشەکان بەردەوام لەسروشتی ئەودا بونی هەبوە لەهێلی جیاواز و تیژ دەرچوونو چەماوەدا یان ئالۆزکاویدا یان لەپانتایەکی تردا ولەفۆرمێی هاوشێوەی ویستراودا دەبینرێتەوە.ئاسمان لای ئەو کەشێکی تەماوی نادیارو بەکارهێنانی ڕەنگەکان روناکیەکان لەفەزای ئەودا ماناومەدلولێکی تر والادەکات کەجێگای تێرامان و جوینەوەی تایبەتە,ئەگەر لەچاوی ئەودا لێبروانین هەست بەو نائارمیە دەکرێت، بەلام لەپرۆسەیەکی جیاوازدا جارێکی تر هەست بەوجاوانیە و بەهێزی لەجۆری کارکردندا دەکرێت. ئەوەی من دەمبینی لەسروشتی کارکردنی تەکوین و دابەشبونی ڕنگەکان بەدیوێکیدا هەستی ئەوەت لادروست دەبوو کەچۆنی لەهەولی ستایلێکی تایبەت بەخودی خۆیو جێگیربوونی ڕێچکەیەک کەبتوانیت ئەوتایبەتمەندیانەی لەلانادیاردا هەبوون دواجار کاریگەریەکان لەسەر ئەوە پێک هاتبوون ولەپانتای ئەندێشەی ئەودا ببوە دۆزینەوەی دەروازەیەک بۆناسینەوە و چونەنێو ڕەنگەکانی سروشتو چینە ڕەنگیەکان یان کۆی ئەو هارمۆنیەی لەوەرزەکاندا بەدی دەکرێت ئەوهەستەت لادروست دەبێت چۆن مەلمەس وزبریو بەکارهێنانی ڕەنگی جیاوازو تێکەلاوکردنی لەگەل ماتریالی جیاواز بەرزونزمی هەلوەرینیو کراندنو وەشاندنی ڕەنگەکان لەلانەستیدا دواتر تەواوکەری یەکتربوون بونتەبەشێکی سەرەکیو دەربرینی زمانێکی تایبەت لەڕیتمو گوزارشت کردن وبەماناکردنی سروشتو ئەو بەشانەی تر هونەرمەد کاری لەسەرکردون لە ڕێگای هێلەکانو ڕەنگەکانەوە جۆرێک قولبوونەوەو ئەو گۆشانەی لەپراوێزدابوون لەساتی خۆیدا دەربرینانەکان وەک پێویست نەبینرابێت هەستی پیٚ نەکرابێت یان لەئێستادا خوێنەوەو بینینی تر ئەو ڕەهەندانە بەدی دەکات وئەزمونەکان لەرەهەندێکی مێژویدا دەبینێتەوە کاری جدی لەسەردەکات .ئەوەندەی لەبینینو دەرکردنم لە جۆری فەنتازیاو ئیستاتیکا و دەولمەند کردنی ئەو باگراوەندە ڕۆشنبیریە و هونەریە لای خودی وەرگر دەبینرایەوە بەسیفەتی ئەوەی هونەرمەند بەردەوام خۆ ڕۆشنبیر کردنی هونەریدا کەسێکی ئەکتیڤو جدی بوە لە ڕۆژکاری خۆیدا و لەئێستادا سەرچاوەیەکی گرنگی هونەری شێوەکاریە .ئەم جۆرە ئیش کردنە زەروریەتی کاتوستەکانی خۆی بووە



تابلۆیەکی هونەرمەند دلشاد ساحێبقران

